# ديموكراسيەت و شەرعيەتی ئاينی لە عيراقدا

ئاسۆعەبدوللەتيف

ئەگەر لە عيراقدا ميكانيزمەكانی ديموكراسيەت ئاين بێت و ئاينيش بريتی بێت لە مەزهەب و مەزهەبيش لە زۆرينە، ئەوا خۆبەخۆ زۆرينەش ئەبێتە ديكتاتۆريەت و هەرگيز كۆنترۆڵی ئەم زۆرينەيە ناكرێت لە حاڵێكی تراژيدی وەهادا دەستوريش ئەنوسرێت و هيچ خۆپارێزيەكمان نييە لە دروستكردنەوەی هەيكەلی ئيداری و سياسی و دبلۆماسی عيراق كە سوور ئەزانين شيعەی عيراق هێزن و هێزێكی راستەقينەشن بە ئاراستەی مۆنۆپۆلكردنی عيراق بە شێوەيەكی جياوازتر لە بەعس، جياوازيەك كە شەرعيەتەكانی خۆی لە تازەگەری و عەلمانيەت و ئيشتراكيەت و ناسيۆناليزمی عەرەبيدا نابينێتەوە وەك چۆن بەعسيزم تۆخی كردبونەوە لە دروشمەكانيدا، بەڵكو شەرعيەتی ئێستا شەرعيەتی (ثوابت) نەگۆڕەكانی ئاينە بە نۆرم و سرووتە رۆحانيەكانی شيعەوە، وەك چۆن لەم رۆژانەدا لە يادەوەری ئيمام موسای كازمدا بينيمان كە چۆن شيعەكان جەزبەوحاڵ گرتبوونی و بە رەشاييەكانيان بەغدايان بالاپۆشی رەش كردو تا كارەساتی پردی ( الائمه ) ی لێ كەوتەوە، ئەمە جگە لەو دەيان و سەدان يادەوەريەی شيعەكان كە ديارترينيان عاشوراو رۆژی كوشتنی ئيمام حوسێن و چەندينی ديكەيە كە سەرجەم ئەم يادەوەريانە بۆ عيراقی نوێ رەنگە وەكو سەرەتايەكی خوراف و دۆگم دەربكەون كە زۆرينە پێی هەڵئەسن و پاڵپشتيشيان پارێزراوەو بەمەش ديموكراسيەت و پرەنسيپەكانی بخەنە مەترسييەوە.

هەڵبژاردن ئەگەر زادەی ئەو پرۆسە ديموكراسيە بێت كە لە پاش 9ی نيسان تاكی عيراقی خەونی پێوە ئەبينی ئەوا خەونێكی ناتەندروستەو لەبەردەم نەشتەری زۆرينەدا بەچۆكدا دێت، چەمكێك بە ناوی ديموكراسيەت كە زۆربەمانی وروكاس كردووە نابێت ئيتر بەو جۆرە لێی بروانرێت كە خۆبەخۆ ئەچەسپێت بێ ئەوەی ئيرادەی تاك و كۆی گروپ و تەوژمە سياسی و كۆمەڵايەتيەكانی لەپشت بێت وەك سەپۆرتكردن، يان بەبێ سازكردنی ئەو فەزاو زەمينە سياسيە فەرهەنگيەی كە ئەبێت كاری لەسەر بكرێت، هەموو چاوەروانی گۆرانێكی راديكالانە ئەكەين لە پێكهاتە كۆنەكەی عيراق بەرەو پێكهاتێكی سياسی نوێی ديموكراتيك، بەڵام چەندێك كاری بۆ كراوەو چەندێك زەمانەتی نێودەوڵەتی وەرگيراوە تا زەمينە ديموكراسيەكە زامن و بە ياسايی بكرێت.

ديموكراسيەت گەر لەبەردەم ئەو هەموو جەبرە كۆنزەرڤاتيەی عيراقدا وەستابێت ئەوا پێويستمان بە نەشتەرگەری بە مانا ريفۆرميەكەی هەيە بۆ ئەو پێكهاتە نوێيەی ناومان ناوە نوێ، كە هيچ ئەگەرێكی تازەی ديموكراسی لەگەڵ خۆيدا نەهێناوەو ئەوەی دەر ئەكەوێت تەنها هەنديك دەمامك و جوڵەی فاشيزمانەيە بۆدەسەلات و گرتنە دەستی پۆست و كورسی، ناكرێت لەبەردەم ئەم جوڵەو مەرام و نيەتانەدا بێدەنگ بين كە كورد كارەكتەری يەكەمی بێدەنگيەكانە لە كاتێكدا بە هەرێمێكی ديفاكتۆوە قسە ئەكات، وە ئەم بێدەنگيەی كورد ئەمانباتەوە بۆ ئەو شادەمارەی كە دواجار هەر بە خوێن كۆنترۆڵمان ئەكاتەوە و بێدەنگترمان ئەكات لە ناو خۆيدا،

كورد لەم سەرەتايەوە ئەبێ دەرك بەوە بكات ديموكراسيەت خۆی ميكانيزمی كوشتنی بێدەنگيەكانەو هۆكارە بۆ بەدەنگ هاتن و دەنگ هەڵبرين و بەرزكردنەوەی راستيەكان و خستنە رووی ترس و قەلەق و دوودڵيەكان، ئەگەر ديموكراسيەت بدەينە دەست هێزێكی قەزاوقەدەر نمونەی دەسەڵاتی نوێ يان ئەمريكيەكان ئەوا زۆر بەهەڵەداچووين، خۆتەسليمكردن بەو زامنكردنە جگە لە وەهم هيچی تر نيەو جۆرێكە لە خۆهەڵخەڵەتاندن، چونكە ئەوەی ئەمريكيەكان كرديان تەنها سازكردن و فەراهەمكردنی زەمينەی ديموكراسی بوو، بە شێوە ميلليەكەی، وە ئەوەی دەسەڵاتە نوێكەش ئەيكات پرۆڤەی ديموكراسی نييە ئەوەندەی پرۆڤەی بەمەزهەبكردنی دەوڵەتە، ئەو كارەكتەرانەی كە لەسەر ئەو زەمينە ئەژين دەتوانن بەلانسی ديموكراسی رابگرن و رێز لە نۆرم و بەهاو كولتوری ديموكراسی بگرن و رێز لە دەنگە بەرزو تورەكان بگرن و بە ئاستەميش دەنگەكان كپ نەكەنەوە، بەنمونەی ئەوەی پرسی دەستوور، كە ئەگەر قسەيەكی دژو ناكۆكمان هەبێت لە بەرانبەريدا يان بايكۆتی دەنگەكانمان بكەين بۆی، لەمەشدا ئيتر مەرج نييە ئێمە دژ وەستابينەوە بە بەرژەوەنديەنيشتيمانيەكان و ئاسايشی نەتەوەيی و چی وچی، بگرە سادەترين نووزە و رەخنەو دەنگ هەڵبرين زادەی ئەسڵی ديموكراسيەو بگرە خزمەتيشە بە ئاسايشی نيشتيمانی و بەرژەوەنديەكانمان، ئەوە تەنها ديكتاتۆرەكانن كە رەخنە بە ڤايرۆسی تێكدانی وولات ئەزانن.

لەدەرەنجامی قسەو باسەكانی دەستوورو كۆی ئەو موناقەشەو ئارگۆمێنتانەی كە هاتوون لە سەری، ديموكراسيەت وەكو چەمكی كارپێكراو دەبينی لەژێر خەتەرو ترسێكی دەورەدراوی مەزهەبی و زۆرينەيەكی بێئامانادايە، تەنها گرانتۆر لەم نێوانەدا نەشتەرگەری ئەو دۆخەيە بەرەو ديموكراسيەت، ئەو ئەگەرە ترسناكەش نابێت لەبير بكەين كە رەنگە حەوزەی شيعە پێی هەستن بۆ دووبارە ماكياژكردنەوەی عيراق بە خەونێكی تری فاشيزمی مەركەزی و دەسەڵاتی ناوەندگەرێتی و دواجار ئەو خەونەش هەر چەمكی ديموكراسيەت چارەسەری بۆ دائەنێت بەڵام نەك لە سەر بنچينەی زۆرينەو كەمينە لە عيراقدا بەڵكە لە سەر بنچينەی هاوڕيانی و ئازادی دەنگدانی هەرێمەكان وەك چۆن چەند ساڵێك لەمەوبەر لە تەيموری رۆژهەلات لە ئەندەنوسيا سازكراو خەڵكی هەرێم و دورگەيەكی تری ئەندەنوسی دەنگی لەسەر

چارەنوسی تەیموریەکان نەدا، تەنها خۆیان بوون کە چارەنوسی هەرێمەکەیان یەکلاکردەوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر پرسی زۆرینە لەبەرچاو بگیرابا ئەوا ئازادی دەنگدان و هەڵبژاردن، زۆرینەی بە ئاراستەی دەسەڵاتێکی تۆتالیتاردا ئەبرد.
لەلایەکی ترەوە ئەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە دیموکراسیەت بە موجامەلەی ئەویتر گەورە نابێت، موجامەلەی حەوزەی شیعەکان لە ئێستادا وەك موجامەلەی بەعسیەکان وەهایە کە دەسەڵاتی شۆرشی کورد بۆ نوخبە بەعسییە تازە دەست بەکارەکەی ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان هەیبوو کە دواجار سیحری ئەو موجامەلەو دانوستانانە بینیمان چۆن بە خراپ شکایەوە بەسەرماندا‌و تراژیدیای ئەنفالی خوڵقاند، ئێستاش ئەو موجامەلانە هەر بازاریان گەرمەو گوێمان ئەزرنگێتەوە بە هەندێ رێککەوتن لەگەڵ شیعەو لایەنەکانی تری عەرەبدا، بۆیە ئەبێت ئەوەمان لا هەرس بێت کە پێش هەرشت ئاڵوگۆری دەسەلات حاکمیەتی هەبێت و دەبێت کار لەسەر ئەو گوتارە بکرێت و بگۆردرێت کە لە پاش شۆرشی 14 تەمموزی 1958 ەوە کاری پێ ئەکرێت و کورد ئەکرێتە کەمینە لە عیراقدا لە کاتێکدا کورد زۆرینەی خاکی خۆیەتی و ئەو خەونەی رابردووی بەعسیش کە سوننە کودەتا چیەکان بەرهەمیان هێنا بەبیانوی نەهێشتنی ئاسەوارەکانی دەسەڵاتی ئینگلیز لە دەستوری پاشایەتیدا کەوەك کولتورێك چەسپابوو، ئێستا مەرج نییە بۆ ئەمریکیەکان دەست بدات بەو بیانووەی کە ئەمریکا دەسەڵاتێکی داگیرکەرە، وە هەر ئەم بیرە ناسیۆنالە ئاینیەش بوو کە زمان و کولتورو نەتەوەیەکی وەکو کوردی نەئەناسی تەنها عەرەب نەبێت بۆیە زەرورەتی ئایندەی عیراق نابێت تەنها گرێدراو بێت بەوەدەستوورەی کە نوسراو رەنگە دنیایەك ئیشکال هەڵبگرێت بە تایبەت نارۆشنی لە ئاست هەرێمی کوردستان و کەرکوك، بەڵکە ئەبێت خەونی هەمووەمان بوەستێت لە سەر وشەیەك کە پێی ئەوترێت دیموکراسیەت...